

# راپۆرتی ئارێنت دەربارەی «بارودۆخی مرۆڤ» (١٩٥٨)

له فارسیەوە: مەجید مارابی

ئەوەی کە لەم بابەتەدا باسی دەکەین، راپۆرتی هانا ئارێننە سەبارەت بە بارودۆخی مرۆڤ، کە شەش بەش لە خۆ دەگرێت لەوانە: دۆخی مرۆڤ، سنووری گشتی و سنووری تایبەتی، زەحمەت، کار، کردار، تۆڕی ئاڵۆزی پەیوەندی و چیرۆکگەلێک کە جێبەجێدەکرێن و لە کۆتاییدا تەرخانکردنی ژیان بۆ کردار و سەردەمی مۆدێرن.

بۆ ناساندنی تێکڕای ئەم بەرهەمە، لە کورتترین وتەدا، دەتوانرێت بوترێت هەوڵێکی هاوبەشە لە گوتاری «رەخنەی مۆدێرنیتە» کە لە سەردەمی ئارێنت(نیوەی دووەمی سەدەی بیست) بە شێوەی جدی دەستپێکردبوو. لەو رووەوە سروشتییە ئەگەر ئەو مەسەلانەی لەم کتێبەدا لە روانگەی ئارێننەوە گەڵاڵە کراوە، لەپێناو روونکردنەوەی شکستی مۆدێرنیتەدا لەکاردابێت.

بەڵام ئەوەی لەم باسەدا بەدواداچوونی بۆ دەکەین، چڕبوونەوە لە سەر روانگەی رەخنەگرانەی ئارێنت لە مۆدێرنێتە یان بەرگریکردن لەو نییە، بەڵکو تاوتوێکردن و پێشکەشکردنی نمونەگەلێک لە «گوتار - روانگەی» فەلسەفی ئارێننە دەربارەی «کردار»، «زەحمەت»، «کار»، سنووری تایبەتی» و «سنووری گشتی». بارودۆخێک کە لە روانگەی ئەوەوە بە ئاوابوونی مرۆڤی مۆدێرن و جیهانی مۆدێرنێتە، بەرەو نابودی دەچێت.

رەنگە واگونجاو بێت ئەم نووسینە لێرەوە دەستپێبکەم، کە ئارێنت لە سەرەتای باسەکەیدا، بۆ فۆرم بەخشین بە «جیهان»ی

گۆڤارێکی فکری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت

دەستکردی مرۆڤ، پێگەیەکی گرنگ بە «سنووری کردار»، «بەشداری ئەوی دیکە» و چەمکی «مرۆڤ» دەدات، چونکە نە «کردار» واتا ئەو چالاکیەی کە لە روانگەی ئارێنتەوە، مرۆڤ دەگەیەنێتە پلەی مرۆڤایەتی، دەتوانێت لە تەنیایی و لە گۆشەگیریدا سەرهەڵبێنێت، نە بونیاتنانی جیهانی خولقێنەری مرۆڤیش بە بێ مرۆڤی شایستەی کردار و هاوڕێیەتی بوونی ئەوانی دیکەیە سەرهەڵدێنێت، بەو جۆرەی کە دەڵێت: «هیچ جۆرە ژیانێکی مرۆڤ، تەنانەت ژیانێکی گۆشەنشین، کە لە پانتایی سروشتدا جێی گرتووە، بە بێ جیهانێک کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە سەربوونی ئەوانی دیکە شایەتی دەدات، مومکین نییە. ئێکرای چالاکییە مرۆییەکان بەندە بەو راستیەوە کە مرۆڤەکان پێکەوە بەسەر دەبەن، بەڵام تەنها کرداریە کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤەکان تەنانەت شیاوی وێناکردنیش نییە»(ل ٦٥ –٦٦).

جەختکردنەوەی ئارێنت لە سەر «بەشداری ئەوانی دیکە»، سنووری باسەکە بە واتای مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سیاسی، یان بە پەیوەندیەکانی بەستراو بە پەیکەرەی سیاسیەوە گرێدەدات، هەڵبەت بە سەرنجدان بە خوێندنەوەکان، هۆگری و گرنگیدانی مێژوویی تایبەتی ئەو بە دەوڵەت شارەکانی یۆنان و رۆمای کۆن، وەکو سەرچاوەی نمونەیی، سروشتیە کە رەوتی باسەکە بە واتای دەسەڵاتی گشتی و تایبەتی و جیاوازیەکانی نێوان ئەوان، لە روانگە و ئاسۆی دەوڵەت شارەکانی یۆنانی و رۆمایی دەکێشرێت، بە جۆرێک کە بتوانرێت هەر دوو چەمک لە دڵی رێژەیەکەوە دەربێنێت کە لەگەڵ «قەڵمرەوی کردار»(کە هەمان کرداری سیاسیە)، بناسێنرێت. ئێستا بەردەنگی(گوێگری) مۆدێرن بە «کردار»، نەک لە جیهانی واقعی و رۆژانەیدا، بەڵکو ئەو جۆرەی کە لە بنەمای وشیاری سیاسی یۆنانی و رۆمایی بە واتای بونیاتنانی کاروباری جیهانی هاوبەش لە پێشدا بوونی هەیە، ئاشنا دەبێت. جاروباریش بە هۆی راپۆرتەکەی ئارێنتەوە، بەردەنگ تێدەگات کە «سنووری تایبەتی» یۆنانی یان رۆمایی تەنها بە نیسبەت سنوری گشتی هاوبەشی ئازادیخوازان لە کۆماریدایە، کە دروستدەکرێت. ئەویش تەنها لە چەمکی «چۆڵگە» و شوێنی حەسانەوەی ئەوان یان بە ناو گۆشەیەکی هێمن و ئارام کە بە دوور لە کێشە و سەرقاڵی «کۆماری» (یان هەمان مەسەلە گشتیەکان»، دوای ژیانی تایبەتی خۆی بکەوێت، بەڵام تەنها لە ژێر ناوی «خەڵوەتگە» و نە زیاتر، بەو جۆرەی کە ئارێنت دەیڵێت، لە روانگەی پیاوانی بە ناو ئازادەوە، مرۆڤێک کە تەنها ژیانی تایبەتی هەبوو، مرۆڤێکی تەواو نییە: «مرۆڤێک کە وەکو کۆیلەکان رێگەی پێنەدرابوو بچێتە ناو سنووری گشتیەوە، یان وەکو بەربەرەکان نەیویستبوو وەها سنوورێک دامەزرێنێت، مرۆڤی تەواو نەبوو»(ل ٨٠).

ئارێنت لەو بڕوایەدایە، کە لە پرۆسەی چەند سەد ساڵەی سەردەمی مۆدێرندا، « مرۆڤی بە کردار و دروستکەری جیهان» لەگەڵ بارودۆخێک رووبەڕوو بووەتەوە، کە لە «پەیوەندی عەینی لەگەڵ ئەوانی تر» بێبەش بووە. بە جۆرێک، کە بە سەرنجدان بە بەڵگە تەریبکراوەکانی سەردەمی کۆنی یۆنان و رۆما، مرۆڤ چەمکی»تەواو»ی خۆی لە